## ڕێخۆشکار

سوپاسی خوای مەزن دەکەم بەو شێوەیەی شایستەیەتی، صەڵات وسەلام لەسەر ڕێنمونیکاری مرۆڤایەتی کە موحەممەدی پەیامبەریەتی ﷺ، هەروەها لەسەر خۆشەویستان وئازیزان و سەرخەرانی پەیامبەر ﷺ، کە خێزان وخانەوادە و هاوەڵەکانیەتی، وئەوانەشی شوێنیان کەوتون بە چاکی، دوای ئەوە:

**خوێنەری سەنگین**... ئەم کتێبەی بەردەستت چەند هەڵبژاردەیەکە لە کتێبی: «دەمێك لە مێژوی ئیسلام لە وەفاتی پەیامبەرەوە ﷺ تا کوشتنی حوسەین رضي الله عنه»، وئەو پرس وباسانەی تێدا دەرهێنراوە کە پەیوەستە بە کوشتنی حوسەینەوە، پاشان دەستکاری کراوە وبۆی زیاد کراوە ولێی کەمکراوە ولەکاتی بەراوردا ئەوەت زیاتر بۆ ڕون دەبێتەوە. کتێبەکەمان ناولێنا: «**کوشتنی حوسەین** -رضي الله عنه- **ڕونکردنەوەی ڕاستیەکان وڕۆشنکردنەوەی لێڵیەکان وڕەواندنەوەی شوبهەکان**».

بە هیوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەم بوارە هەستی پێدەکرێت، وبابەتەکە بە شێوازێکی زانستی نوسراوە جیاواز لە زۆربەی ئەو کتێبانەی لەم بارەیەوە نوسراون زۆرتر بایەخ بە وروژاندنی هەست وسۆز دەدەن، لە خوای بەرز ومەزن دەپاڕێمەوە ئەوەمان فێر بکات کە سودمان پێ دەگەیەنێت وسودیشمان پێ بگەیەنێت بەوەی کە فێرمان دەکات.

علي خان

مزگەوتی قازی محمد -رحمه الله تعالی- ڕۆژی ١٠ی محرم «عاشورا»ی ساڵی ١٤٣٤.

هۆكار گرتنەبەر بە ژمارە وخۆ پڕچەككردن، ودەرچونەكە مەصلّحەتێكی گەورەتر بەدی بهێنێت لەوەی ئێستا، نەوەك لەهەندێك ولاّتانی مەغربی ئیسلامی ئەمەیان كرد بۆ ئەوەی مزگەوتەكان بە تەواوەتی بكرێنەوە، كەچی ئەو نەختەش هەبو نەیانهێشت. جا ئەوەی سەیرە هەندێك لە غەرەزدارەكان ئەلێن: ئەمەی حوسەین بەلّگەی دروستێتی دەرچونە، وەلاّمی ئەمەش لە چەند ڕویەكەوە دەبێت.

- نكوڵیكردنی صەحابە بوو لە دەرچونەكەی.

- حوسەین لەوەدوا پابەند بو بە كۆمەلّی موسلّمانانەوە ولە دەرچونەكەی پاشگەز بویەوە، وتی ڕێگەم بدەن دەڕۆم بۆلای یەزید، بەلاّم عوبەیدوللاّ ڕازی نەبو.

ئیبن تەیمیە لە «منهاج السنه» دەفەرموێ: «إنه رضي الله عنه لم يفرق الجماعة ولم يقتل إلا وهو طالب للرجوع إلى بلده أو إلى الثغر إو إلى يزيد داخلا في الجماعة معرضا عن تفريق الأمة ».

- یەكێكی تر لەو شتە سەیرانە ئەمانە پێیان وایە ئەگەر كار بەدەست بە ئینقلاب یان بە زۆرداری یان شەڕ وشۆڕ بێتە سەر حوكم گوێڕایەڵ واجب نیە، ئەی ئەگەر حوسەین كاری بەدەست بگرتایە ئەوساش هەر واتان دەوات؟!

## هەندێك بە ئالوبەیت پارە دەردەكەن

هەندێك بە ئالوبەیت پارە دەردەكەن ئەمەش بە شاهیدی خودی ئالوبەیت ڕەزای خوایان لێبێت، تەنانەت كە وتویانە وەرە بۆ عێراق ڕیوایەت هەیە ئەلّێ بۆ ئەوەبو ە پارەیان پێدەربكەن.

لە البدایە والنهایە هاتوە ئەلّێ: موحەممەدی كوڕی حەنەفیە كە یەكێكە لە سەرانی ئالوبەیت كاتێك ئامۆژگاری حوسەینی كرد نەڕوات، پێی وت: «**إنما يريدون أن يأكلوا بنا ويشيطوا دماءنا**»، واتە: «ئەمانە ئەیانەوێت پارەمان پێوە دەركەن».

❖ ❖ ❖

ئەیوب.

ئیبن کەسیر دەڵێ: ( بەڕاستی یەزید هەڵەیەکی زۆر خراپی کرد کاتێك لە ڕوداوی (حەڕرە)دا فەرمانی کرد بە ئەمیری سوپاکەی موسلیمی کوڕی عوقبە، سێ ڕۆژ مەدینە حەلاڵ کا، کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر سەحابە و منداڵی سەحابە کوژرا).

جا پوختەی ووتە: ئەوەیە دەیدەینە دەست خواوە، هەروەکو زەهەبی لە بارەیەوە دەڵێت: (لا نسبە ولانحبە) ، نە جوێنی پێدەدەین نە خۆشمان دەوێ.

شیخ الإسلامیش دەفەرموێ: «لە سەلەفیشەوە هەر ئەوە هاتوە وتویانە نە خۆشیمان دەوێت نە جوێنیشی پێدەدەین».

هەندێکیشیان وتویانە: «بۆ مەگەر کەسێك بڕوای بە خوا وڕۆژی دوایی هەبێت خۆشی بە یەزیددا دێت».

وصلی اللهُ وسلَّمَ وباركَ علی نبینا محمدٍ وعلی آلِهِ وصحبِهِ.

------------------------------

**ماڵپەڕی بەهەشت**

***www.ba8.org***